www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-9-2007 0:25

گلەییەک لە نەتەوەکەم ... حەمەرەشی هەرەس

کەنەدا

ئەوە بۆ ماوەی چەند رۆژێکە کەمپینێك بۆ دۆزی مەترسیداری کەرکوك، لە ژووری (کوردوستان، کەرکوك دەنگی گەلی کوردە) ی پالّتاك کراوەتەوە، کەچی لە جیاتی ئەوەی هەموو لەو ژوورە پیرۆزە کۆبینەوە و بۆ دەسەلاّتی بسەلمێنین، کە نەتەوەی کورد دەستبەردارى یەک بستی خاکی خۆی نابێت و، نابێت بە هیچ جۆرێك سات و سەوا لەسەر چارەنووسی کەرکوك و ناوچە داگیرکراوەکانی کوردوستان بکرێت و، کۆشش بکەین بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەی ئەم دۆزە مەترسیدارەی ئەمرۆ چارەنووسی نەتەوەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت، کەچی ئامادەیی کورد لەو ژوورەدا زۆر لە وێستی ئەو دۆزە ڕەوایە کەمترە، جگە لەوەش دوژمنان پەیتا پەیتا هێرشیان بۆ دەبەن و کێشەیان بۆ دروست ئەکەن، کوردەکەی خۆشمان بۆ چەلەحانەی بێ ئامانج و بێ بەرهەم خۆیان ترنجاندۆتە ژوورەکانی تەوە، باس و خواسی وا دێننە پێشەوە کە لە دلّخۆشکردنی دوژمن زیاتر هیچی تر نیە.

لێرەدا ئەڵێم ئەو چارەنووسە دژوارانەی بە درێژایی مێژوو رووبەرووی کورد بۆتەوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو چارەنووسانە هەمووی لە رووی کەمتەرخەمی کورد و گوێنەدانە دۆزەکەی هاتۆتە ئاراوە. دە وەرن ئەی بەشمەینەتانی نەتەوەکەم وەرن بۆ ئەو ژوورە و چارەیەك بۆ چارەڕەشی دۆزەکەمان بدۆزینەوە، بوونی تۆ لەوە ژوورەدا سەلماندنی پێداگرتنی کوردە بۆ دەستبەردار نەبوون لە یەک بستی خاکە خوێناوییەکەی.

07/9/1

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.